# ئاسایشی یەکێتی بۆ تەقەی لە قوتابیان کرد؟



سـیروان ئەمـین
sirwanlatif@yahoo.co.uk
08.01.2005

ئێواری 2005/1/8بە پێی هەواڵێکی سایتی پەیامنێر، دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەقەیان لەو قوتابیە خۆپیشاندەرانە کردوە کە لە بەردەم هۆتێلی سلێمانی پالاس کۆببونەوە لە بەر نەبونی ئاو کەمی خزمەتگوزاری لە بەشە ناوخۆیەکەیاندا.

ئەوە دەیان جارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو قسەیە بەدرۆ دەخاتەووە کە جەلال تاڵەبانی دەڵێ ئازادی سنوری نیە!!؟؟ لەژێر دەسەڵاتەکەی ئەواندا بەپێچەوانەشـــەوە وا دەردەکەوێ کەنەک هەرئازادیٔ بیٔ سنوور نی یە، بگرە ئازادی سنووردارِیش نی یە، ئەگەر وانییە بۆ چی ئاسایشی یەکێتی تەقە لە کۆمەڵێک قوتابی دەکات؟ کە سەرما تەنگی پێ هەڵچنیون و دوای ئاو و کارەباو نەوت دەکەن بەو زستانە ساردە لەکاتێکدا دەسەڵاتداران و بەرپرسە حکومەتی و حیزبیەکان وەک پادشا دەژین و خەریکی کۆکردنەووەی پارەو پول و بیناکردنی کۆشک و تەلارن.

ڕەنگـــە وەک هەمیشە یەکێتی و ئاسایشەکەی بڵێن کە ئەم خۆپیشاندانە ترس دروست دەکات بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و دراوسێکان پێیان ناخۆشە زویر دەبن یان دروست کردنی چەندین تۆمەت بۆ لە ئیعتباردانی ماهیەتی ئینسانی ئەو جۆرە خۆپیشاندانە کە ئەنجام دەدرین لە لایەن تۆیژیکی پر لە توانا و وزە وەک لاوان و خۆیندکاران کە خۆی لە خۆیدا پراوپر تەعبیرە لە نارەزایەتی بەشیک لە خەلک. مەگەر ئەمە ئەو بیانوە نەبوو کە کۆمۆنیستەکان و خۆپیشاندانەکانی ئەوانیان پێ ی سەرکوت کرد و چەندین نمومەی تر کە لەم بابەتە جیگای باس کردنی نابیتەوە.

تەقەکردن لە خۆپیشاندانیکی هێمنانە هەمیشە یەکێک بووە لەو خسلەتانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پی ناسراوەتەوە لە درێژایی تەمەنی بوونی ئەو حیزبەدا یان هەر دەسەڵاتێکی تر کە کورسیکەی لەرزۆکە و بەزۆری ئاگر و ئاسن دەسەڵات بەڕێوە دەبەن.

دیارە تەقەکردن لە خۆپیشاندانێکی وەک ئەوەی خۆێندکاران کە هیچ ترسێکی سـیاسی نییە و تەنها چەند داواکاری خزمەت گوزاری وئابورییە تەنها ڕواڵەتی مەسـەلەکەیە و یەکێتیش دەزانی هیچ مەترسیەک دروست ناکا بەڵام مەسەلەکە لەوە واوەترە، چونکە یەکیتی زۆر بە باشی ئەوە دەزانی ئەگەر وەڵامی ئەو خۆپیشاندانە بە تەقە و سەرکوت نەبیت، ئەوە سبەینی ریگا بۆ چەندین نارەزایەتی تر خۆش دەکا کە دەسەلاتە لەرزوکەکەی دەخاتە ژێر پرسیار و مەترسیەوە .

یەکێتی دەزانی توێژی خوێندکاران توێژێکی بەرین و ناڕازین لەو دەسەڵاتەی یەکێتی لە تەواوی چاوپێکەوتنەکانیان دا بە پێچەوانەی ویستی سیاسی یەکێتی و دەسەڵاتەکەی قسە دەکەن و ناڕازین بە تێکەڵ کردنی کوردستان و فرۆشتنەوەی جاریکی دیکە بە عێراق. هەر بۆیە یەکێتی ترسی لێ نیشتوەو دەزانی ئەگەر ئەمڕۆ ڕێگا خۆشکات و لێگەڕێ چەند قوتابیەک ئازادانە داوای نەوت و کارەبا بکەن (کە هەقی خۆیانە) ئەوە سبەینێ لە سەر چارەنوسی خەڵکی کوردستانیش دێنە دەنگ ئەگەری تەقینەوەی ناڕەزایەتی خەڵک بەدژی سیاسەتەکانی ئەوان دەبێتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و گلۆڵەی چارەنووسی یەکێتی دەکەوێتە لێژی، بە تایبەتی کە ئەم دەوریە یەکێتی توشی ئەزمەیەکی قوڵ و پڕ مەترسیدار بووە لەخودی سەرکردایەتیکەیدا و بەئاشکرا باس لە فەساد و گەندەڵی و تاکڕەوی و چەند مەسەلەیەکی تر دەکرێ لە دەمی گەورە بەر پرسەکانیانەوە . یەکێتی لەبەر ئەمە شپرزەیەوە، تەقە لە هەر جوڵانەوەیەک دەکات بۆ چاو ترساندی خەڵک تا هیچ کەسێک زاتی ئەوەی نەبێت کارێکی وها بکات ، بەڵام تۆ بڵێی ئەو خەڵکە کە خوێنڕێژێکی وەک سەدام حسێن و دەسەڵاتە ڕەشەکەی بەعس نەیتوانی لە عەزیمەتیان کەم بکاتەوە دەستەمۆیان بکات،ئێستا یەکێتی نیشتمانی بتوانی ئیرادەیان زەوت بکاو مافەکانیان پێشێل بکات؟؟؟.